بافڵ تاڵەبانی لە بەغدا لێگەڵ ئەمیندارى گشتیی بزووتنەوەی عەسائیبی ئەهلی حەق کۆدەبێتەوە



ئەمڕۆ سەشەممە بافڵ تاڵەبانی، سەرۆکی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە بەغدا چاوێکەوت بە قەیس خەزعەلی، ئەمینداری گشتیی بزووتنەوەی عەسائیبی ئەهلی حەق.

لە دیدارەکدا بەگوڕەی نوسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆکی یەکێتیی، دوایین پەرەسەندنە سیاسی، ئابووری و ئەمنییەکان گفتوگۆیان لەبارەوکرا و بەردەوامیی گفتوگۆی لایەنەکانی پێکهێنەری حکومەت لەچوارچێوەی هاوپەیمانیی بەڕێوەبردنی دەوڵەت بەئامانجی چارەسەرکردنی کێشەکان و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری دووپاتکرایەوە.

لەدرێژەی دیدارەکدا بافڵ تاڵەبانی جەختی لە هەماهەنگی و کاری هاوبەشی نێوان لایەنەکان کردەوە و ڕایگەیاند، دەخەکە پێویستی بە هەوڵی هەموانە و پێویستە پێکەوە لە خەمی داهاتوو و ژیانی خەڵکەکەماندا بین، هیوادارین هەموولایەک بەرپرسیارانە مامەڵە بکەن و هەنگاوەکانیان لەخزمەت بەدیهێنانی بەرژەوەندییە گشتییەکاندا بێت.

چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغدا بەتایبەت پرسی مووچە و شایستەداراییەکانی هەرێمی کوردستان تەوەرەکیتری دیدارەکەبوو و هەردوولا جەختیان لە پابەندبوون بە ڕێککەوتنەکان و پاراستنی مافی هەموولایەک لەچوارچێوەی دەستووردا کردەوە.